ئازار ٢٠٠٥

ژمارە ٥

# كەپر

گۆڤارێکە بۆ منداڵان

دەزگەی سپیرێز بە یارمەتی دیاکۆنیا دەری دەکات

خودان ئیمتیاز: چنار عەلی مەندی

## پەیڤی کەپر

یەکەمین ژمارەی گۆڤاری کەپر لەمانگی تەمووزی ٢٠٠٣ دا بلاوکرایەوە و تا ئەمرۆش بەردەوامە.

گۆڤاری کەپر بەناوەرۆکێکی هەمەرەنگ و دەوڵەمەند، بەنەقش و نیگار و دەرهێنانێکی جوانەوە، وەرچەخانێک بوو لە رۆژنامە نووسی منداڵانی کورد بەشێوەی کرمانجی ژووروو، هەر بۆیە لەسەرەتاوە پێشوازییێکی گەرمی لێکرا، ئەمرۆش ئەم گۆڤارە جێگایەکی گەورەی لە دڵی منداڵانی پارێزگای دهۆک وەگرتووە، هەموو مانگێک شەیدای دەرچوونی ژمارەی تازەی ئەم گۆڤارەن.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا چوار ژمارەی کەپر بەشێوەی کرمانجی خواروو بلاوکرانەوە، زوریەی بابەتەکانی لە (کەپر)، ی کرمانجی ژووروو وەرگیرابوون، نووسەری هێژا هۆشەنگ شێخ محەمەد سەرپەرشتی ئەو چوار ژمارەیەی کردبوو.

جێگەی شادمانی و سەرفرزای بوو ئەو چوار ژمارەیە دەنگدانەوەیەکی باشی لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی هەبوو، پێشوازیەکی گەرمی لێکراو جێگەی خۆی لەباوەشی منداڵە جوانەکانی ئەم شوێنانەدا کردەوە.

نیازمان وایە ئەم ساڵەش چەند ژمارەیەکی تر بەم شێوەیە بلاوکەینەوە، ئەمەش یەکەمین ژمارەی ئەم ساڵەیە، هیوادارین جێگای رەزامەندیتان بێت و زەردەخەنەی شادی بخاتە سەر لێوەکانتان و چاوەروانی بەرهەم و سەرنج و رەخنەو پێشنیاری ئێوەی خۆشەویستین.

**تا ژمارەی داهاتوو هەمووتان شاد و کەپرتان ئاوەدان**

**سەرنووسەر**

سەرنڤیسەر
مؤید طیب

نیگارکێش
نجم الدین بیری

دەرهێنان
بلند ئەحمەد تەیب
بەیار جمیل

سەرپەرشتیا چاپێ
زاگروس مەحموود

دهۆک: ئاوایی سەندیکای کرێکارانی کوردستان ـ نهۆمی سێیەم

تەلەفۆن: 7222125 7225376

E.mail:kepir@spirez.org

چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە